# هێشتا کارنامەی وەزیرێکمان نەبینی.. کوێرا خەڵاتکران ؟! *

ئاسۆعەبدوللەتیف

له (ئاوێنه)ی ژماره 19 ڕۆژی 2006/5/16 و له گۆشەی پەنجەرەدا، نوسینێکم بڵاوکردەوه به ناوی، ئەرێ کفر ئەبێ وەزیرێکیش بگرن؟ ناشکوری نەبێ هیچ وەزیرێك نەگیرا بەڵکو خەڵاتی چل و دوو وەزیره تازەکەش کران بەو پێشبینیەی که من کردبووم، بەپێدانی 42 مۆنیکا به 42 وەزیر (ڕۆژنامەی هەواڵ. ژ. 189) هەر ئەو کات هەندێ ڕۆژنامەنوسی سەر بەدەسەڵاتیش نارازی بوون گوایه من پێشبینی هەڵە بۆ وەزیرەکان ئەکەم و بەقسەی ئەوان ئیتر وەزیر وەك هاووڵاتی ساده ئەژی، ئەز گوتم (یەك مانگی تر نابا به بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران ئەرزەیەکی 600 مەتری و نەسریەیەکی 100 وەرەقەیی و موچەیەکی 50 وەرەقەیی و مۆنیکایەکی 2007 و.. تان بۆ دابین ئەکەن ) ئەوەی که لەم پێشبینیەدا هەڵە بوو تەنها زەمەن بوو هیچی تر، که من مانگێکم دانابوو لێ بوویه دوومانگ،

من نازانم ئەو وەزیرانه چ چالاکیەکیان ئەنجامداوەو کامەیه بەرهەمیان و کام کۆمپەنی و فابریکەی ئینتاجییان هێنایه ئەم ووڵاته تا بەو خێراییه تەقیم بکرێن و دەمیان چەوربکرێ و تەقدیر بکرێن و بکرێنه (سیادة الوزیر؟) ئایا بۆ ئەوەیه تا دەستەمۆ بکرێن و کەم و کورتی و چەوتیەکانی حکومەت باس نەکەن و چاوپۆشی لێبکەن؟ گەروابێ ئەوا ئێمەی کورد له خراپترین دەورانی حکومەتداریداین و خیانەتێکی گەورەش به میللەتەکەمان ئەکەین،

یان 42 پرۆژەی سوتەمەنی و کارەبایان داهێناو کوردستانیان لەو میحنەته ڕزگارکرد؟ ئەگەر حکومەت بەو ئەجێندا کشتوکاڵیەوه بیەوێت مامەڵەبکات و وەك ئاغاو ڕەنجبەرو بەسیستمی فیوداڵیزم بەرهەم ببەخشێتەوەو ئەرك دابەش بکات ئەوه ئایندەیەکی دیموکراتیك و مەدەنیمان نابێ و گوزەرانیشمان لەوه زۆر خراپترو ناچیزەتر ئەبێ و دەنگی نارەزاییەکانیش بڵێسەو کڵپەئەسێنێ و دەساڵی تریش مینۆمێنتی سوتاوو قەرەبروتی هەڵەبجه وەك خۆی ئەمێنێتەوه بۆ ئەو شاره شەهیدەو وەزیرێك نییه بپرسێ ئەرێ ئەم ڕەمزی قوربانیانه تاکەی وابێ؟! خەڵاتکردنی بێ بەرانبەر لەسەر حسابی خەڵکی بێدەرەتان ئاخۆ مایەی تێرامانی قووڵ نیه بۆ ئەو مەعریفه هەژارەی که دەسەڵاتی ئێمه هەیەتی بۆ سیستمی بەڕێوەبردن و فەلسەفەی ژیاندۆستی؟ له هەموو دونیادا ئیکرامی و بەخشش و خەڵات بۆ مرۆڤێکی داهێنەرو بکەرو چالاکه نەك...!؟ خۆپیشاندان و نارەزایی گەر هەبوو له ووڵاتێکدا ئەبێ دەنگی ئیکرامی و بەخشش نووزەش نەکات و لەجێگایدا ئیستیقاله و وازهێنان بازاری گەرم بێت! دەبوو ئەو وەزیرانه به هیچ ئیمتیازێك ڕازی نەبوونایەو ڕێزیان لەو هەموو خۆپیشاندانانەی کوردستان بگرتایەو ئەو پرسەیان بکردایەته ڕۆژەڤ و کەرەستەی کۆبونەوەی وەزیران و بیانزانیبا ئەو هەموو نارەزایەتیه بەرەنجامی نەبوونی پێداویستیەکانی ژیان و خزمەتگوزرایی و نابەرابەرییه، نەك دەست پانکردنەوه بۆ سویچی مۆنیکایەك که ڕەنگه ژیانی ئەوان بکاتەوه بەرووی بەهەشتێکی نوێ له تەبرید و جامی تاریك و ئەفسوونی مۆدێرن و ژیانی ئێمەش هەر بەو سویچه بۆ تا ئەبەد به ئەڵقەڕێزی کۆنی لادێ دابخات و سەرمان بکاتەوه بهماڵی قوتیلەو فتیلەدا.

*** له ڕۆژنامەی ئاوێنه، ژماره 28 له گۆشەی (پەنجەره)دا بڵاوبۆتەوه.**